

# هاووڵاتیانی باشیک داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەن ئاوڕێک لەپرۆژە خزمەتگوزارییەکانی سنوورەکەیان بداتەوە







باشیك ناوچەیەكی كوردستانییەو لە ڕووی پێكهاتەوە عێراقێكی بچووك كراوەیە لە نێوان نەتەوە و ئایینەكان هیچ جیاوازیەك نییە، هاووڵاتیانی ئەم ناحیەیە گلەیی و ڕەخنەیان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەیە بەوەی سنوورەكەیانی لەپرۆژە خزمەتگوزارییەكان فەرامۆش كردووە، بەمەش زیاتر لە ١٢٠ هەزار هاووڵاتی كوردی شەبەك و ئێزیدی و كریستیان لەبارودۆخێكی خراپ دان و بووەتە هۆی دەركەوتنی دیاردەی كۆچكردن لەم ناوچە كوردستانییەی دەرەوەی هەرێم. ئێستا باشیك لەرووی خزمەتگوزارییەوە زۆر بێ سەروبەرەو لەلایەن ئیدارەی موسڵیشەوە زۆر بەكەمی كار و پرۆژەی بۆ ئەنجام دراوە، تەنانەت لەلایەن هەرێمی كوردستانیشەوە نەتوانراوە بەپێی پێویست ئاوڕ لەم ناوچەیە بدرێتەوە. تیمی (گۆڤاری گوڵان) خەڵكی باشیك و سنوورەكەی بەسەركردەوەو چەند هاووڵاتییەكی دواند، كە گلەیی و گازندەیان لە نەبوونی كارەبا و كەمی ئاوی خواردنەوەو خراپی ڕەوشی پەروەردە و تەندروستی هەبوو، داواشیان لە سەرۆكی حكومەتی كوردستان كرد كاری جددی بۆ ئەم سنوورە بكات و ئیدارەیەك بەهاوشێوەی ئیدارەی گەرمیان لەم ناوچەیە دابمەزرێنێت، ئەم گلەیی و ڕەخنانەی هاووڵاتیانمان ئاراستەی بەرپرسی ئیداریی ناحیەكە كرد، كە بەراشكاوانە پاڵپشتی و پشتگیری داواكارییەكانیانی كردوو لە دووتوێی ئەم راپۆرتەدا بڵاوی دەكەینەوە..







بارودۆخی ئێزیدیەكان و شەبەك لە شاری موسڵ لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بەرەو خراپی ڕۆیشتووە، لەبەر ئەوەی لەلایەن تیرۆریستان و پاشماوەی بەعس رۆژانە پەلاماری سەر ماڵ و خەڵكی شەبەك و ئێزیدییەكانیان دەدرا و ژمارەیەكی زۆریان شەهید و ئاوارە كرد، لە ٢٠٠٣ تا ئێستا (١١٥٠) كوردی شەبەك زیاتر لە هەزار كوردی ئێزیدی و هەزار مەسیحی و ١٥٠ كاكەیی شەهیدكراون و لە ناوچەكە و ناو موسڵ زیاتر لە (٣٥) هەزار كەسی كورد كە هەموو پێكهاتەكان لەخۆ دەگرێت ئاوارە و سەرگەردان بوون و، ژمارەیەكی زۆریان روویان لە باشیك و شوێنی تری ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم كردووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە لەناوچە كوردستانییەكانیش كۆچ دەكەن.

# هاووڵاتیان: له كەمی ئاوی خواردنەوە و بێ كارەبایی و نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاری زۆر ماندووین

كێشەی خزمەتگوزاری و خراپی پرۆژەكانی ئاوو ئاوەڕۆ و شەقام و ڕێگاوبانەكان بەروونی لەباشیك دەكەونە بەرچاو، لەم رووەوە هاووڵاتی ئیبراهیم مەحمود پێی وابوو بەهۆی پاك نەكردنەوەی شارۆچكە له زبڵ و خاشاك و فڕێنەدانی دیاردەی پیسبوونی لێكەوتۆتەوە، بەرادەیەك لەتوانای شارەوانی دا نییە هەموو كۆڵان و شەقامەكان پاكوخاوێن بكەنەوە. لەگەڕەكی رەئس ئەلعەین هاووڵاتی ئازاد فالیح وتی: شارەوانی زۆر كەمتەرخەمە لەپاككردنەوەی باشیك تەنانەت گرفتی ئاوو ئاوەڕۆشمان هەیە، هەر لەمبارەیەوە هاووڵاتی ئەلیاس خدر تەئكیدی لەسەر كێشەی كەمئاوی كردەوەو وتی: لەگەڵ نزیكبوونەوەی وەرزی هاوین دووبارە گرفتی كەمئاوی سەرهەڵدەداتەوە. ئەم هاووڵاتیە باسی لەگرفتێكی تر كرد ئەویش خراپی كەرتی تەندروستیە لەناوچەكەدا بەشێوەیەك كە جگە لەوەی داودەرمان و ئامێری پزیشكی لەبنكە تەندروستیەكان كەمە نەبوونی پزیشكی پسپۆریشی هاتۆتە سەر، ئەمەش وایكردووە خەڵكی بەناچاری بۆ زۆربەی نەخۆشیەكانیان روو لەشێخان و شاری دهۆك بكەن، هەربۆیە ژمارەیەك لەهاووڵاتیانی باشیك داوای دروستكردنی نەخۆشخانەیەكی قەرەوێڵەییان كرد. لەلایەكی ترەوە بوونی ئاوەڕۆ جگە لەوەی بنەمایەكە بۆ جوان راگرتنی سیمای شار، رۆڵێكی بەرچاویشی لەڕێگەگرتن لەتەشەنەكردنی پەتاو نەخۆشی هەیە؛ هاووڵاتی سەعید خورشید داوای لەحكومەتی هەرێمی كوردستان كرد كە بەو پێیەی باشیك بەناوچەیەكی كوردستانی دەرەوەی هەرێم دادەنێن هەربۆیە پێویستە ئاوڕێكی جدی لێبدەنەوە بەتایبەت لەبواری كارەبادا، هاووڵاتییەكی تر داوای لێكردین هەواڵی شكستهێنانی خوێندنی كوردی لەناوچەی باشیك بگەیەنینە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵای هەرێم و لەمبارەیەوە وتی: قوتابخانە كوردییەكان لەناو بینایەی قوتابخانە عەرەبیەكاندا جێگایان كراوەتەوەو لەكۆلێج و پەیمانگاكانی كوردستانیش قوتابیانی دەرچووی باشیك وەرناگیرێن، هەربۆیە زۆربەی خێزانەكان ئارەزوو ناكەن منداڵەكانیان بنێرنە قوتابخانە كوردییەكان.

هاووڵاتی شێخ ئیسماعیل وتی: كاتی ئەوەهاتووە چیتر چاوەڕێی ئیدارەی موسڵ نەبین، بەڵكو پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەڵمەتێكی فراوانی ئاوەدانكردنەوە دەست پێ بكات بەتایبەت بەدووسایتكردنی ڕێگای سەرەكی ناحیەكەمان و چاككردنەوەو رێكخستنی دەروازەی باشیك.



سەرەتا لەوەڵامی پرسیارەكانی گوڵاندا (زەنون یونس) بەڕێوەبەری ناحیەی باشیك سەبارەت بە پێكەوەژیانی نەتەوەكان و ئاین و ئاینزاكان لە سنوورەكەدا وتی: سنوورەكەی باشیك لە١٠٠٪ كوردستانییە و ژمارەی دانیشتوانەكەشی زیاتر لە ١٢٠ هەزار كەسەو لەرووی پێكهاتەی نەتەوایەتی و ئاین و ئاینزاكانەوە هیچ كێشەو گرفتێك لەم سنوورە نییە، تەنانەت كەنیسەی برا كریستیانەكان و مەزاری ئێزیدی و مزگەوتی موسڵمانان لە تەنیشت و بەرامبەر یەكترن، داواو پێشنیاریشمان كردووە كە باشیك بكرێتە قەزاو دووناحیەش لە سنوورەكەی دابمەزرێنن، بەڵام لەرووی خزمەتگوزارییەوە بارودۆخی ناحیەو سنوورەكە زۆر خراپە و دەتوانین بڵێین لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە هیچ جۆرە گرنگیەكی پێ نەدراوە، تەنیا پارێزگاری دهۆك لە ڕێگای بودجەی پەرەپێدانەوە پاڵپشتی و هاوكاری كردوین .

لەلایەكی ترەوە نەبوونی بەدواداچوون و لێپرسینەوە هۆكارێك بووە بۆ شكستهێنانی هەندێك پرۆژە كە لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە بۆمان ئەنجامدراوە بۆ نموونە لەو كارانەی كە لەلایەن هەرێمەوە بۆمان كراوە كە بڕی ٦٠٠ملیۆن دیناری بۆ تەرخانكرا كە ئەویش هێنانی بۆڕی ئاوی خواردنەوە بوو، لە پڕۆژەی ئاوی بەردەڕەش و شێخان و لێدانی ٣٦ بیری ئاو كە هەموو ئەو كارانەش لەبەر ئەوەی بەپێی سەرنج و پرسی ئێمە نەبوو ئەندازیاری سەرپەرشتیار بە ئارەزووی خۆی بەبێ پرسی یەكەی ئیدارەی باشیك كاری دەكرد، بۆیە ئەو پڕۆژەی ئاوە بەتایبەتی لێدانی ٣٦بیرەكە شكستی هێنا، هەروەها لە بواری خزمەتگوزارییەكانی شارەوانییەوە كەموكوڕی و كێشەی خزمەتگوزاریشمان زۆرە، لەلایەنی وەرزشەوە یاریگایەكی بچوك كراوەی ٥یاریزانیان بۆ دروست كردووین و لەدامەزراندنی ساڵی رابردووش تەنیا ٩٢پلەی فەرمانبەریان بۆ ناحیەو سنووری باشیك دامەزراندووە، ئێستا هاووڵاتیان پرسیار دەكەن بۆچی بەهاوشێوەی شێخان و فایدە كارو پرۆژە بۆ باشیك ناكرێت ؟ پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت سنووری باشیك لە هەڵبژاردنەكاندا زۆرترین دەنگ و كورسی بۆ لیستی برایەتی — نەینەوا بە دەست هێناوە و دەنگەكانی باشیك یەكلاكەرەوەیە لە زۆر كارو كێشە لە پارێزگای موسڵ بۆ هەرێمی كوردستان.

## كێشەی كارەبا

سەبارەت بە كێشەی كارەباو نەبوونی تۆڕی دابەشكردنی

زەنون یونس بەڕێوەبەری ناحیەی باشیک بۆ (گوڵان):

# لیستی برایەتی – نەینەوا زۆرترین دەنگی لەباشیک بە دەستهێنا، هەربۆیە ئەرکی حکومەتی هەرێمە لە خزمەتکردنی دانیشتوانەکەی دریخی نەکات

کارەبای هەرێم بەڕێوەبەری ناحیەی باشیك وتی: لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە تۆڕی کارەبای نیشتمانی بۆ ٦ گوندی عەرەب لە سنووری باشیك هاتووە کە دووری ئەم گوندانە و تۆڕی کارەبای نیشتمانی کوردستان بۆ سەنتەری ناحیەکەمان تەنیا دوو کیلۆمەترە، بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك سەردانی لایەنی پێوەنداری وەکو وەزیری کارەبای هەرێم و بەڕێوەبەری گشتی کارەبای دهۆك و بەردەڕەشمان کردووە هەر بێ سوود بووە.

### قوتابیانی خوێندنی کوردی لە ناو کۆگاو بینایەی قوتابخانەکانی خوێندنی عەرەبی دەخوێنن

سەبارەت بە هەردوو کەرتی پەروەردە و کەرتی تەندروستی بەڕێوەبەری ناحیەی باشیك وتی: خوێندنی کوردی لە سنوورەکەدا لەبەر گرنگی پێ نەدانی حکومەتی هەرێم و دروست نەکردنی بینایەی قوتابخانە و دابین نەکردنی پێداویستییەکانی دیکە شکستی پێ هاتووە، قوتابیانی خوێندنی کوردی لە ناو کۆگاو بن قاندرمەکانی بینایەی قوتابخانەکانی خوێندنی عەرەبی دەخوێنن، هەر بۆیە ژمارەی قوتابیانی خوێندنی کوردی لە باشیك زۆر کەمی کردووەو قوتابخانەکانی دیکەش لە رووی بینایەو مامۆستاو میلاکاتەوە کەموکوڕی و گرفتیان هەیە. لەرووی کەرتی تەندروستیشەوە کەموکوڕیمان زۆر هەیە و حکومەتی هەرێم لەم لایەنە گرنگەشەوە هیچ کارو پڕۆژەیەکی بۆ نەکردووین، بۆ ئەوەی چیتر هاووڵاتیانی ئەم دەڤەرە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانیان روو لەپارێزگای موسڵ و دهۆك نەکەن، پێویستە نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخی بەرفراوانی قەرەوێڵەیی دروست بکرێت.

### گرفتی کەمی پرۆژەی ئاوی خواردنەوە

سەبارەت بە گرفتەکانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی بەتایبەتی کەمی ئاویخواردنەوە بەڕێوەبەری ناحیەی باشیك وتی: لە باشیك بە گشتی گرفتی کەمی ئاوی خواردنەوە هەیە، هاوکات تۆڕی دابەشکردنی هەندێ لە گەڕەکەکان کۆن بوون و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەو چاککردنەوە هەیە. هەروەها لەرووی خزمەتگوزارییەکانی دیکەی شارەوانییەوە بەگشتی و لە کۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵوخاشاك لە ناو کۆڵان و گەڕەکەکانی باشیك کەموکوڕی زۆرە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو بودجەی بۆ شارەوانی لەلایەن حکومەتی ناوەندی تەرخان دەکرێت زۆر کەمە و ئامێرو کرێکاریش بۆ ئەو مەبەستە بەپێی پێویست نییە، هەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەو جوانی و پاراستنی ژینگەی شارۆچکەکە و کاراتربوونی کارو پڕۆژەکانی شارەوانی داوامان لە حکومەتی هەرێم و لایەنی پێوەندار کردووە کە شارەوانییەکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی پارێزگای دهۆك لە ناحیەی باشیك دابمەزرێنن و ئەمەش بۆ رەزامەندی و پەسەندکردن رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام تا ئێستا هەر لەوێ ماوەتەوەو رەزامەندی لەسەر نەدراوە. لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەنجام نەدانی پرۆسەی کوژانەوەی زەوی گرفتی یەکجار گەورەی بۆ دروستکردووین چ لەرووی نەبوونی پارچە زەوی بۆ پرۆژەکان یا دەرکەوتنی کێشەی نیشتەجێبوون کە وایکردووە خەڵکانێك بە زێدەڕۆیی خانوو دروست بکەن، لەگەڵ ئەمەش دا ئومێدمان هەیە چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت بەتایبەت لەگەڵ نزیکبوونەوەی تەواوبوونی پرۆژەی دروستکردنی ماستەرپلانی ناحیەکە.

### ئاوارەبوون و کۆچکردنی کوردەکان

سەبارەت بەخەڵکی ئاوارە ئەوانەی لە موسڵ و شوێنی دیکەوە هاتوونەتە ناحیەی باشیك بەڕێوەبەری ناحیە وتی: زۆربەی ئەوانەی لەموسڵ و ناوچەکانی ترەوە روویان لەباشیك کردووە پێشتر خەڵکی ئەم ناوچەیە بوون و ئێستا لەئاکامی هەڕەشەو کوشتن روویان لەباشیك کردووە، ئەوانەش لە بوارە خزمەتگوزارییەکان و پەروەردەو تەندروستیدا ئەرکێکی دیکەن لەسەر شارۆچکەکە، هەربۆیە پێویستە خێرا ماددەی ١٤٠ی دەستووری جێبەجێ بکرێت و باشیك و ناوچەکانی تر بگەڕێنرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی چیتر دیاردەی کۆچ روونەدات، بەڵام حکومەتی عێراقی بەربەست و کێشە لەبەرەوپێشەوەچوونی ئەو مادده دەستوورییە دادەنێت.

لەکۆتایی قسەکانیدا بەڕێوەبەری باشیك پێی وابوو باشیك ناوچەیەکی کوردستانییەو خەڵکەکەی قبووڵیان نەکردووە سوپای عێراق بێتە سنوورەکەیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا خەڵکی زۆر گلەییان لەحکومەتی هەرێم هەیە بەوەی نەتوانراوە تەنانەت گرفتی کارەبایان بۆ چارەسەر بکەن، هاوکات رەخنەیەکی زۆریشمان لەوەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان هەیە بەوەی تا ئێستا هیچ کارو پرۆژەیەکیان بۆ جوتیارانی سنوورەکەمان نەکردووە، ئەو پرۆژەو کارانەی کە جێبەجێش کراون زیاتر لە رێگای هاوکاری و یارمەتی پارێزگاری دهۆکەوە بووە.

**پێویستە چەند بینایەی قوتابخانەیەکی کوردی دروست بکرێت**

**جگە لە پارێزگاری دهۆک کە بەبودجەی پەرەپێدان هاوکاری باشیکی کردووە، وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم هیچ پرۆژەیەکیان لەم ناوچەیە ئەنجام نەداوە**

**حکومەتی هەرێم ٣٦بیری ئاوی بۆ هەڵکەندووین، بەڵام لەبەر نەبوونی بەدواداچوون سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا**